پرۆسەی سەرژمێری دانیشتووان لە هەرێم و عێراق دەستپێکرد

لە کاتژمێر 7:00ـی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە پرۆسەی سەرژمێری دانیشتووان لە عێراق و هەرێمی دەستیپێکرد و لە پرۆسەکەدا زیاتر لە 130 هەزار بژمێر بەشدار دەبن و چەند پرسیارێک لەبارەی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان دەکەن کە بریتین لە 70 پرسیار، هاوکات قەدەغەی هاتوچۆ لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەکاتژمێر 12:00 دەستیپێکرد و تا کاتژمێر 12:00 شەوی بەیانی پێنجشەممە بەردەوامی دەبێت بە سەرخستنی سەرژمێری.

شایەنی باسە، دوایین سەرژمێری دانیشتوان لە عێراق لەساڵی 1997 ئەنجامدرابوو کە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەبێ بەشداری پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.